له یادی یەک ساڵەی کۆچکردنیدا

# نەک برادەر .. ئێمە برا بووین

### بۆ هونەرمەندی شێوەکار قەرەنی جەمیل
(١٩٥٤ — ٢٠٢٥/٦/٣)

کەریم سۆفی

* قەرەنـی جەمیـل هـەر لـە قۆناغـی لاوییـەوە گەنجێکی زیـت و چوستوچالاک و وریـا بـوو، بـەڵام زۆر لەسـەرخۆ و هێمـن و ئارامگـر بـوو، کـەم قسـەی دەکـرد، بـەڵام جـوان قسـەی دەکـرد، هەڵپـەی ژیانـی پێـوە دیـار نەبـوو، لێ حەزیشـی لـە ژیـان بـوو، وەک دەزانیـن تـەواوی تەمـەن و ژیانیـش بـە تایبەتمەندییەکانـی خۆیـەوە، قۆناغبەندییـە و وێسـتگەی خـۆش و ناخۆشـی تێـدان، ئەگەرچـی لەوپـەڕی ڕاستەڕێشـدا بێـت، بایـی هەنـدێ کەنـد و کۆسـپی خـۆی هـەر تێدایـە.

سـەرەتای یەکتـر ناسـینمان بـۆ حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـوردوو دەگەڕێتـەوە، بـە دیاریکـراوی زێتـر بـۆ سـەردەم و ڕۆژگاری ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتـەوە کـە بەڕاسـتی وەک قۆناغێکـی پرشـنگداری مێژوویـی ئـەم چەنـد سـاڵە، سـەردەمی زێڕیـن و گەشـانەوەی خۆشـی و شـادی میللەتـی کـورد بـوو، بـە هەمـوو چیـن و توێژەکانییـەوە، بەتایبەتـی بـۆ ئێمـەی لاو کـە لەوپـەڕی تەمەنـی گەنجیدا دەژیایـن و لەسـەر شـەنگ و تاقەتێکی بێ وێنـە بوویـن، زۆربـەی کات مـن و کەریـم دەشـتی و قەرەنـی جەمیـل و جەمـال حوسـێن بەیەکـەوە بوویـن، بێجگـە لەمـە، مـن هەرسـێ براکـەی دیکـەی قەرەنـی جەمیـل-یشـم دەناسـی (شـەهیدی ڕاپەریـن مامۆسـتا بەهـرام، قـادر، شـەهید هاشـم) و لێیانـەوە نزیـک بـووم،

بەڵام بەقەد قەرەنی تێکەڵاویم لەگەڵیاندا نەبوو، ئێستاش لەگەڵ (قادر)ی برای چاک و چۆنی و هەواڵپرسی یەکتریمان هەیە، نەک ئەوە مام (جەمیل)ی باوکی و پلکە (خانم)ی دایکیانیشم دەناسی و سەردانی ماڵیانم دەکرد و یەکتر پرسینمان هەبوو.

من و کەریم دەشتی، وێڕای ئەوەی کە مەیلێکی شیعر نووسینمان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا خولیا و حەزێکی مۆسیقا و وێنە کردنیشم هەبوو. بەردەوام شمشاڵم هەبووە، زۆر حەزم لە شمشاڵ بوو، (قەرەنی)یش زۆرجار لێی وەردەگرتم و فیتە فیتێکی پێ دەکرد و پێی دڵخۆش دەبووین. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەگەرچی فیتە فیتێکی پێ دەکەم و هەوڵی دەرهێنانی ئاوازێک دەدەم، بەڵام چونکە فێری پشی خواردنەوە نەبووم، ئیدی ئاوازەکانم بە نیوەچڵی دەردەچوون، بەڵام وەک دەڵێن (حەز شتێکە و توانست و زانین شتێکی ترە).

سەبارەت بە وێنەکردنیش، ماوەیەکی باش دەست و پەنجەم لەگەڵی ڕاهاتبوو، وێنەی زۆر کەسانیشم بە مورەبەعات (مربعات) گەورە دەکرد و بە قەڵەمی دار (ڕەساس) و فەحم (ڕەژوو) و تەباشیر وەک خۆی دەرم دەهێنا، قەرەنی جەمیل هانی دەدام و ڕێنمایی دەکردم، دەتوانم بڵێم ئەمەش زێتر لە هونەرمەند (تاهیر پیرداود) فێربووبووم کە دوکانێکی بچووکی ڕەسم گەورەکردنی بە دەستی هەبوو لە بن قەڵاتی هەولێر نزیک سینەمای سیروان، هەموو جار بە ئەنقەست دەچوومە بەردەم دوکانەکەی کە ئیشی لە سەر وێنە گەورەکردن دەکرد، ئیدی منیش بە بیانووی تەماشاکردنی ئەو وێنانەی کە هەڵیواسیبوون، زێتر زەینم دەدایە دەست و پەنجە و کەرستە و شێوەی



**قەرەنی جەمیل**

ئیش کردنەکانی، ئا بەم جۆرە بیرۆکەیەکم لێی وەردەگرت، هەروەها لە ژووری نیگارکێشانی قوتابخانەشدا لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار حەمید جەمال وێنەی ئاوی و هەندێ جار زەیتیشم دەکرد، بەڵام ئەوەندە لێزان نەبووم لەسەریشی بەردەوام نەبووم.

لەبارەی (کەریم دەشتی)ش کە دەستی خۆشنووسی هەبوو، بەردەوام هەر بۆی بکرابا، لە هەر شوێنێکدا بووایە، چ بە قەڵەمی ئاسایی، یان قەڵەمی خۆشنووسی، ئەوە بەختە جوانەکەی شتێکی هەر دەنووسی، چ لە ڕۆخی کتێب، یان لاپەڕەی دەفتەرێک بووایە، یان هەر شوێنێکی نەنووسراو و سپی ناو کتێب بووایە، بەڵام ئەویش لەم بەستێنەدا پەرەی بەم بەهرەیەی نەدا و وەک من بەردەوام نەبوو، بەڵکوو ئەمە خولیا و حەزێکی ئەو سەردەمی بوو — خۆزگە بەو ڕۆژان — ئەوە بۆ وای لێ هات، خۆ ئەو کاتی ئەگەرچی وەک خانەوادە دەست کورت و نەدار بووین، بەڵام دڵێکی دەوڵەمەند و

پڕ لە هیوا و ئاواتمان هەبوو. ماوەیەک لەگەڵ قەرەنی جەمیل کرێکاریمان کردووە، ئیشی سپیکاریمان دەکرد و تەشتە گێچمان کێشاوە، کرێکاری خانوو دروستکردن بووین و کەرپووچ و قاپە قورمان کێشاوە، چونکە ئەوکات خانوو کەمتر بە بلۆک و چیمەنتۆ دروست دەکران، ماندوو دەبووین، بەڵام دڵخۆش بووین، گەنج بووین، دڵتەڕ بووین، حەز و هەوەستی دڵداری لە کەللەی دابووین، بەڵام شەرمن و داوێن پاک بووین، ئەگەر چاو چاوانێیەکیشمان لەگەڵ کچێکدا هەبووایە، هەر دووربەدووری بوو، دەست بەسەر داهێنانێک وەک سڵاو کردنێک و زەردەخەنەیەک بوو! ئێستاش لە بیرمە قەرەنی جەمیل دڵی چووبووە کچێک و خۆشی دەویست، ئەویش هەستی پێ کردبوو، ماڵیان کەمێک دوور لە گەڕەکی خۆیان بوو، زۆرجار ئێواران کە بەیەکەوە پیاسەمان دەکرد، دەیگوت با بەلای ئەم کۆڵانەدا بڕۆینەوە، ئیدی دەمزانی بۆ وا دەڵێ، دەمگوت گرفت نییە و بە سەرەخۆم نەدەهێنا و چۆنی دەگوت، ئاوا دەڕۆیشتین، لەرێگە زەینم دەدایێ کە دەگەیشتینە سەری کۆڵانەکە و دەرکەوتنی ماڵەکە، قەرەنی جەمیل ڕەنگی دەگۆڕا و شێوە قسەکردنی پەرت دەبوو، بە دەم ئاوڕدانەوە، بزەخەنەی دەهاتێ، منیش تەبای ئەو، باسی دەردەدڵیم بۆ دەکرد، بەپێی حەز و توانایی ئەو کاتی و ئاساییانە لەگەڵیدا ڕێم دەکرد، توومەز کچەکە دوو – سێ جاران دەرگای حەوشەی دەکردەوە و ساتێک لەبەر دەرگا دەوەستا و زەردەخەنەیەکی بۆ دەکرد و ئەویش بە شەرمەوە لێی وەردەگرتەوە، بەمە زۆر دڵخۆش دەبوو، تا دەگەیشتینەوە نزیک ماڵ ئەم تاسەیە بەری نەدەدا، ئەوان ڕۆژگار زۆربەی دڵداری و خۆشەویستی ئاوابوو!



**هەولێر، ١٩٧١، لەلای چەپەوە: قەرەنی جەمیل، کەریم دەشتی، کەریم سۆفی، جەمال حوسێن.**

منیش دەمگوت لێت دا غەددار، پێدەکەنی و وەک وڕێنەیەک دەیگوت: دەڵێی بەڕاستی خۆم شێت بکەم بۆ ئەو کچە! منیش دەمگوت، ئەگەر سۆز و گڕی دڵداری ڕاستەقینە، دڵ و دەروون بە تەواوی داگیر بکات، ئەوە هەم عاشق و هەم مەعشووق بەبێ ویستی خۆیان شێتیش نەبن، شێتانە دەردەکەون، ئیدی لە ناخەوە پێدەکەنی و دڵخۆش دەبوو! ئیدی ئەمەش تراویلکەی قۆناغێکی تەمەن بوو کە تینوویەتی بە یەکجاری نەدەشکاندین.

* زۆرجار سەردانی ماڵی یەکترمان دەکرد، هەر کاتەی چووبمە ماڵیان، دەمدیت قەرەنی جەمیل سەری بەسەر کتێبدا بەرداوەتەوە و خەریکی خوێندنەوە بووە، کە دادەنیشتین، کتێبەکەی وەلا دەنا و بەدەم قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین، دنیامان لە باوەش دەگرت (ڕۆیشت ئەو سەردەمانە و ئەو هەناسانە ئیدی نایەنەوە).

* لە قۆناغی سێی ناوەندی من ئیکمال بووم کە لە قوتابخانەی ناوەندی برایی کوڕان بووین، ئەمە بەدیاریکراوی ساڵی ١٩٧١ – ١٩٧٢ بوو،

ئەویش دەرچووبوو، دیار بوو حەزی هونەری شێوەکاری وای لێ کردبوو بچێتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان- بەشی شێوەکاری لە بەغدا، بژاردەکەشی لەجێی خۆیدا بوو، ئەوە بوو توانی لە ساڵی ١٩٧٦ – ١٩٧٧ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان تەواو بکات و بڕوانامەی دبلۆم لە بوارەکەی خۆیدا بەدەست بهێنێ و نزیکەی دوو ساڵ لە گوندەکانی (ڕۆستێ) و (ناو ڕۆیین) مامۆستایەتی کرد، پاشان لە ساڵی ١٩٧٩ کوردستان بەجێ دەهێڵێ و ڕوو لە هەندەران دەکات و دەچێتە ئیتاڵیا، لە ماوەی ژیانیدا توانی وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری تایبەت بە شێوازی خۆی، جێ پەنجەی هونەری لەسەر تابلۆکانیدا بەجێ بهێڵێت و ببێتە ناوێکی دیاری بوارەکە و هەمیشە لە تابلۆکانیدا پانتاییەکی بەتاڵی فراوانی لە تاڵی و تەڵخی و تەماوی پڕ لە چۆڵەوانی، پڕ لە خەم، پڕ لە تەنیایی، تروسکاییەکی کزی ئاوات دەبینرا کە خۆیان لە دەربڕینی مەینەتی و دەردەسەرییەکانی میللەتەکەی دەنواند، بەمەش دەیویست بە دنیای پیشان بدات کە ئەمەیە حاڵی میللەتەکەم.

یەکێک لە خووە هەر بەرزەکانی ئەم هونەرمەندە نەمرە کە من لێم دیتبێت، لە پێناو شکاندنەوەی کەسان و هونەرمەندان و هونەری بەرانبەردا، قەت ستایشی خۆی نەدەکرد و خۆی بە هونەرەکەیەوە هەڵنەدەکێشا، چونکە وەک هونەرمەندێکی ڕەسەن و خاوەن پەیام و کێشەی نەتەوەیی، ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەبوو، دەیزانی کە هەر هونەرمەندە و جیهانبینی و بینین و شێوازی دەربڕینی خۆی هەیە بۆ دەربڕینی خەون و خەیاڵ و ئاواتەکانی لە گەیاندنی پەیامەکان بەشێوازی خۆیان. ئەگەرچی زۆر شارەزای قوتابخانە و



**هەولێر، ٢٠٠٣، لەلای ڕاستەوە: سەعید مەلا یاسین چایچی، جەمیل (باوکی قەرەنی)، حاجی عوزێر، کەریم سۆفی، سەباح حاجی خالید، قەرەنی جەمیل، د. موحسین ئەحمەد عومەر، سەعید حەسەن، نەناسراوە، منداڵەکەش نەناسراوە.**

ڕێبازە هونەرییەکان نیم، بەڵام وەک بیستبووم خۆی بە هیچ لەڕێبازەکان نەبەستبووەوە، بەڵکوو تابلۆکانی زادەی زەین و بیروبۆچوونی خۆی بوون.

با بێینەوە سەر مەسەلەی خوێندنەکەمان. دوای دەرچوونم لە سێی ناوەندی، چونکە من خولیاکەم بۆ وێنەکردن جددی نەبوو، ئیدی منیش چوومە ئامادەیی و بەشی وێژەییم تەواو کرد و... تاد.

ئیتر بەم جۆرە وەک دووبرا لە یەکدی دابڕاین، ئەو لە بەغدا، من لە هەولێر، بەڵام ناوە ناوە یەکترمان هەر دەبینی، بەتایبەتی کە بۆ هەولێر دەهاتەوە. تا ئەوکاتەی دوای تەواوکردنی پەیمانگە، وەک وتمان وڵاتی بەجێ هێشت و ڕێی هەندەرانی گرتەبەر، ئیدی لەو ڕۆژگارییەوە بەتەواوی لێک دابڕاین و لە هەواڵی یەکدی بێ ئاگا بووین، تا گەڕانەوەی بە ماوەیەکی زۆر

دوای ڕاپەڕین، یەکترمان نەبینییەوە!

* کە ساڵی (٢٠٠٣) بەیەکجاری گەڕایەوە کوردستان، ئیدی وەک دووبرا جارێکی دی بە یەکتری شادبووینەوە، ئەگەرچی تەمەن و دنیابینی و چەرمەسەری و هەڵسوکەوت و بارودۆخی گوزەران و ژیان و گۆڕانکارییەکان، زۆر شتیان کاڵ کردبووەوە، بۆیە ئەم جارەیان وەک جاران نەبوو، کورد گوتەنی (ئەو هەوار بوو، بەڵام ئەو بەهار نەبوو) کە بەردەوام لەگەڵ یەک بین، کەچی دڵمان گوڵی ناو یەک مەرکان بوو، چونکە بە دڵ لەگەڵ یەک بووین، بەتایبەتی کە (دەزگای مێرگ) ساڵی ٢٠٠٥ بەسەرپەرشتی محەمەد خۆشناو دامەزرا و لەوێ گەلەرییەکی تایبەت بە شێوەکاری بۆ قەرەنی جەمیل و هاوڕێ شێوەکارەکانی لەوانە هونەرمەند حەمید جەمال و شوکر سەعید کردەوە.

هەر لەو دەزگایەدا چەند گۆڤارێک دەردەچوون، لەوانە گۆڤاری (شێوەکاری)، گۆڤاری (مێرگ)، گۆڤاری (مێرگی منداڵان).

لە ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی گۆڤاری (مێرگ) تا دوا ژمارەی کە ژمارە (٧٠) بوو، لە ئاداری ٢٠١١ دەرچوو، هونەرمەندی شێوەکار قەرەنی جەمیل لەو گۆڤارەدا سەرپەرشتیاری هونەری بوو، وێڕای ئەوەی کە سەرپەرشتی گۆڤارێکی هونەرییش بوو بەناوی گۆڤاری (شێوەکاری)، کە گۆڤارێکی وەرزی بوو، (٣٢) ژمارەی لێ دەرچوو و هەر لەم دەزگایە دەردەچوو. بەوپێیەی منیش کە لە گۆڤاری (مێرگ) لە دەستەی نووسەران بووم کە لەهەمان دەزگا ئیشی گۆڤارەکەمان دەکرد، ئیدی ڕۆژانە کە بۆ دەوامی گۆڤاری مێرگ دەچووم، بەر لەوەی بچمە ژوورەکەی خۆم بۆئیش کردن، سەرێکم لە بەشی گۆڤاری شێوەکاری دەدا و بە دڵخۆشییەوە هەواڵی یەکتریمان دەپرسی و یەک — دوو نوکتەی خۆشمان لەگەڵ قەرەنی جەمیل دەگێڕاوە کە زۆر حەزی لەنوکتە و قسەی خۆش بوو، ئیدی بە دڵخۆشییەوە جێم دەهێشت و دەچوومە سەر کارەکەی خۆم، وەک (دڵ ئاوێنەی دڵ بێت) هەردووکمان بە دیداری یەکتر شاد و دڵخۆش دەبووین، زۆر جاریش وابووە کە بابەتێکی بۆ گۆڤاری شێوەکاری بەزمانی عەرەبی هەبووایە، ڕای دەسپاردم و دەیگوت حەزدەکەم بۆ گۆڤاری شێوەکاری بیکەیتە کوردی، منیش ئەوەندەی تاقەتم بەسەردا شکابێ، کارەکەم کردووە و بابەتەکەش لە گۆڤاری شێوەکاری بڵاوبووەتەوە.

* دوای وەستانی گۆڤاری (مێرگ و شێوەکاری) وەک زۆر لە گۆڤارەکانی دیکە، دیسان تا ماوەیەک لە بینینی بەردەوامی یەکتر دابڕاین و لە بۆنەی جۆراوجۆردا یەکتریمان دەبینی، بەڵام زۆری نەخایاند کە لە گۆڤاری (ڕامان) وەک پۆرترێتکار و مۆتیڤساز بە گرێبەست دامەزرا، ئەوسا منیش هەر لەم گۆڤارەدا بووم کە تائێستاش بەردەوامم و کاری زمانەوانی و هەڵەچنی دەکەم، ئەوەبوو جارێکی دیکە لە نزیکەوە پێک شاد بووینەوە و زوو زوو یەکتریمان دەبینی و بەقسەی خۆش و بەسوود، ڕووی یەکترمان گەش دەکردەوە، بە تایبەتی ئەو کاتانەی دەهاتە دەزگای ڕامان و لە ژوورەکەی سەرکەوت وەلی (بەڕێوەبەری هونەری) دادەنیشت و ئیشەکانی خۆی چ مۆتیڤ، چ پۆرترێت زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ بەبێدەنگی، بە ویقارەوە قەڵەمە تایبەتییەکەی خۆی لەسەر کاغەز دەگێڕا و وێنەکانی دەنەخشاند.

ساڵی (٢٠١٠) نۆڤڵێتێکم بەناوی (زمانی دایک

لـه نووسـینی ئاگۆتاکریسـتۆف لەزمانـی فارسـییەوە کـردە کـوردی، بـۆ بەرگەکـەی پرسـم بەهونەرمەنـد قەرەنـی جەمیـل کـرد، ئەویـش دوای چەنـد ڕۆژێـک تابلـۆی هونەرمەندێکـی بـۆ هەڵبـژاردم و دیزاینـی بەرگەکـەی بـۆ کـردم، وابزانـم ئەوکاتـی نـاوی هونەرمەندەکەشـی هێنـا، بـەڵام نازانـم بـۆ ناوەکەیـم نەنووسـی.

بەهـەر حـاڵ وەک دەڵێـن (چوونـت بەدەسـت خۆتـەو گەڕانـەوەت بەدەسـت خـۆت نییـە)، ئیـدی بـەداخ و کەسـەرێکی زۆرەوە مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێک تووشـی دەردێکـی کوشـندەی بـێ ئامـان بـوو، ئەگەرچـی هەمیشـە و بـەردەوام لەژێـر چاودێـری و چارەسـەرییەکی چـڕدا بـوو، بـەڵام نەخۆشـییەکەی قـورس بـوو، بارودۆخـی تەندروسـتی زێتـر بـەرەو پووکانـەوە و بێهێـزی دەچـوو، لەگـەڵ ئـەوەش، زۆر بـەورە و ئومێدیـش بـوو، هـەر جارەی هەواڵیـم دەپرسـی، بـە ئارامـی و ئاواتـەوە بـە دەنگێکـی کزەوە دەیگـوت، باشـم، موناسـبم، ئەگەرچـی نەخۆشـییەکە دەسـتی لـێ سـتاندبوو، بـێ هێزیشـی کردبـوو... تـا ئـەو ڕۆژەی ئەجـەل یەخـەی گـرت و لەناومانـی ڕفانـد..! خانمـە شـاعیری ئەڵمانـی مارگـوت بیـکل (*) گوتەنـی:

**هەر مردنێک**
**ئاماژەیەکە**
**بۆ ژیانێکی دی**

بەدڵنیاییـەوە دەڵێـم مردنـی تـۆش لـەم دنیایـەدا ئـەی خۆشەویسـت، ئـەی هونەرمەنـد، ئاماژەیەکـە بـۆ ژیانێکـی نەبڕاوەی دی، چونکـە تـۆ بەهونەرەکـەت، نەمریـت بۆخـۆت تۆمـار کـرد و هـەر لەناوماندا دەژیت

* ئیتـر ئەمـە ژیانـە و کاروانێکـی ئەزەلییـە، هەنـگاوەکان بـە خۆشـی بـن، یـان ناخۆشـی بـەڕێ دەکات، دەرگایەکـە و بـێ ویسـتی خـۆت دەکرێتـەوە و بـێ ویسـتی خۆشـت دادەخرێـت، ئێمـەی تیـرەی بەشـەریش لـەم کاروانـەدا لـەڕێ دایـن و هەرکەسـەو کـورد گوتەنـی (قسـمەت و نسـیب)، چـۆن لـە کات و سـاتێکدا لەدایک دەبین، ئـا بـەم جـۆرەش لـەکات و سـاتێکدا دەردەچیـن و بارگـەی یەکجـاری خۆمـان دەپێچینـەوە و کـەس نازانـێ لەکـوێ لێـی دەخەیـن و ماڵئاوایـی لـە ژیـان و دەوروبـەر و بوونەوەرەکانـی سـەر ڕووی ئـەم زەمینـە دەکەیـن، حافـز گوتەنـی (جـرس فریـاد مـی دارد کـه بـر بندیـد محملهـا) زەنـگ هـاواری لـێ هەڵدەسـتێ کـەوا بارگـە و بنـەت تێـک نـێ.

زۆر بەداخـەوە تـۆش ئـەی هونەرمەنـدی چاوتێـر و نەفـس بـەرز و خاکـەڕا و خۆنەویسـت و بـێ تەمـاع، بارگـەی خـۆت تێـک نـا، هـەواری خـۆت گواسـتەوە و بەجێـت هێشـتین، دڵنیابـە ئێمـەش، ئەوانـی دی جـێ دەهێڵیـن، ئـەم ساتە لـە پێـش هەموومانـە، هەروابـووە و هـەرواش دەبـێ! ڕۆحـت شـاد، لوتـف و بەزەیـی خـوات بەسـەردا برژێـت، خـوات لەگـەڵ ... خـوات لەگـەڵ.

**(*) بڕوانە کتێبی:**

**احمـد شـاملو همچـون کوچـه ای بـی انتهـا (گزینەیـی از اشـعار شـاعران بـزرگ جهـان) باهمـکاری محمـد زریـن بـال، چاپ ششـم، مؤسسـه انتشـارات نگاه،تهـران، ١٣٨٢**